cyan magenta yellow black File: P.7 fl ˙ Æ˝ ” 1

شەهیدبوون لەپێناوی نیشتماندا شەهید کاوە مەغدید

خەبات: تریفە ئازاد

شەهید ئەو ناوە بەرزەیە کە هەمیشە ناوی بە بەرزی دەدروشێتەوە لەمێژووی کوردایەتی و بەرخودان شەهید هەمیشە زیندووە لە دڵی مرۆڤەکان دەژی هەمیشە خۆنەویستانە بەرگری کردووە لە خاکەی لە پێناو پاراستن و گەیشتن بە ئامانج و دەستکەوتە پێرۆزەکان لە گۆشەی شەهیدبوون لەپێناوی نیشتمان لە رۆژنامەی خەبات بەپێویستمان زانی بنەماڵەی شەهید (کاوە مغدید) بەسەر بکەینەوە.

ژیاننامەی شەهید کاوە مەغدید

شەهید ناوی تەواوی (کاوە مەغدید حەمد)ە ناسراوە بە (کاوە مەغدید حمە شکاک) لە ساڵی (1977) لە گوندی کلکە سماقەی سەربەقەزای دوکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵ (1987) ئاوارەی ئێران دەبن، لە ساڵی (1990) دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان لە ئۆردوگای پیرە مەگرون نیشتەجێ دەبن، لە ساڵی (1991) دووبارە ئاوارەی ئیران دەبنەوە لە کۆڕەوە مەزنەکە، بەڵام ئەمجارە لەم ئاوارەییە دایکی شەهید دەبێتە ئەمەش دەبێتە کۆستێکی گەورە بۆ شەهید، لە ساڵی 1992 بریاری دا چەکی شەرەف بکاتە شانی بۆ بەرگری کردن لە خاکی پێرۆزی کوردستان کە ئەو کاتە پەیوەندی بە ناوچە دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە بەتالیۆنی (111) بووە بە پێشمەرگە لە ساڵی (1996) دەچێتە هێزی (40)ی سلێمانی بۆتە بەرپرسی ڕێکخستنی بەتالیۆنی (3)، شەهید بەشداری لە چەندین داستان کردووە کە تێدا ڕۆڵی قارەمانانەی بینووە لە ساڵی (1998) بەشداری خولێکی کردووە کە تایبەت بووە بە هەڵگرتنەوەی مین بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەشی هەندەسەی زێرەڤانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەشی هەڵگرتنەوەی مین بووە، لە ئازادکردنی عێراق لە ساڵی 2003 ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە ئازادکردنی شاری کەرکوک و دوبزو پردی لە ساڵی 2009 پلەی ملازمی یەکی وەرگرتووە لە ساڵی 2014 پلەی نەقیبی وەرگرتووە شەهید لەگەڵ هەڵگیرسانی شەری تیرۆرستانی داعش ڕۆڵێکی گرینگ دەبێن لە زۆربەی میحوەرەکان لە سنووری (بەرتلە، حەمدانی، خازر، حسن شام) ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە هەڵگرتنەوەو پووچەڵکردنەوەی ینە چێنراوەکانی تیرۆرستانی داعش شەهید لە 25\10\2014 بۆ یەکجاری ماڵئاوای لە خاکی پێرۆزی کوردستان دەکات و دەچێتە کاروانی شەهیدان لە دوای خۆی چوار منداڵ جێ دێلێت بۆ خزمەتکردنی خاکی پێرۆزی کوردستان.

کەسایەتی شەهید

ڕێزان محەمەد خێزانی شەهید کاوە: شەهید کەسێک بوو من ناتوانم باسی لێوە بکە ئە کەسێک بوو هەمیشە شانازی پێوە دەکەم هەمیشە دڵی لای ماڵ و منداڵەکانی بوو کە دەچووە دەوامیش هەر دڵی لای منداڵەکانی بوو دەیگوت بخوێنن هەمیشە پێم دەتگووت تۆ خەمی ئێمەت نەبێت و لە ئەرک پێرۆزی خۆت بە ئێمە کارەکان دەکەین تەنها خەمی تۆمانە لەگەڵ دەست پێکردنی شەری داعش ئەو چووە بەرتلە لەوێشەوە چەندین ئەرکی تری جێ بەجێ کرد لە میحوەری خازر ئەو کاتانەی شەڕیش بووایە قەت پێنەدەگوتین ئەگەر لە تەلەفزیۆن ہمزانیبووایە شەڕە قەت دڵی نەدەهات بڵێ شەڕە، ئەو ئەرکی قورسترین بوو چونکە مینەکانی پووچەڵ دەکردەوە. جارێک قیدیۆیەکم بینی ئەو مینی پووچەڵ دەکردەوە گوتم ئەوە زۆر قورسە، گوتی قوورس نییە دەبێت کارەکان بکەین ئەی ئێمە نەیکەین کێ دەیکات، بۆیە هەمیشە لە خەمی ولاتەکەی بوو پەیامیشم ئەوەیە کە من سەربەرزم بە شەهیدبوونی هاوسەرەکەم و منداڵەکانیشم پەروەردەی ڕێگای پیرۆزی باوکیان دەکەم کچێکم هەیە هەمیشە دەڵێت گەورە بم دەبێت ببمە پێشمەرگە بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکم بکەوە.

باوکم بە چەک بەرگری کرد منیش بە قەڵەم

هەناسە کاوە کچی شەهید کاوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من فەخرو شانازی بەوە دەکەم کە کچە شەهیدم و باوکم لە ڕێگای پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان شەهیدبووە، هیوادارم ئەو دوژمنە نەمنێت لە کوردستان، هەمیشە باوکم دەیگوت بخوێنن ئێمە لە سەنگەر بە چەک بەرگری دەکەین ئێوەش لێرە بە قەڵەم بەرگری بکەن و بۆ ئەوەی کوردستان سەرکەوێت، بۆیە تا دڵۆپێک خوێنمان مابێت ئێمە بەرگری دەکەین لە خاکی پیرۆزی کوردستان و پشگیری لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین.

بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمردا شەڕ بە هزری نیشتمانپەروەری دەفرۆشن

سوورە مەرگەیی

دەرکەوتنی بارزانیی نەمر وەک کەسایەتیەکی کاریزماو سیاسییەکی بەرچاو ڕوون بزاڤێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای خۆیدا هێنا، سەرهەڵدانی ئەو بزاڤەش بەرئەنجامی ئەو خوێندنەوە سیاسی و میژوویی بوو کە بارزانیی نەمر بۆ پرسی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی دوژمنکارانەی داگیرکارانی کوردستانی کردبوو، ئەو خوێندنەوەیەش بارزانیی نەمری هێنایە سەر ئەو ڕایەی کە چارەسەری بنەڕەتی پرسی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆیی کوردستان و سەندنەوەی ئەو مافە نەتەوەییانەیە کە بە دریژایی میژوو لێی زەوت کراون.

کاریزمایی بارزانیی نەمر و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی هەر زوو سنوورە دەستکردەکانی بڕین و لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەک ئومێدی نیشتیمانی سەیر دەکرا، بارزانیی نەمریش بە هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی و بەدەنگەوە چوونی کوردانی بەشەکانی تری کوردستان بووە جێی ئەو ئومێدو متمانەیەو لە هەر بەشێکی کوردستان کورد پێویستی پێبووبێ خۆی و هێزە شۆڕشگێڕەکەی لەو بەشەی کوردستان ئامادە بووە، ئەوەش وایکرد داگیرکارانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان بارزانیی نەمر بە دوژمنی خۆیان بزانن و بەگژداچوونەوەشی بە ئەرکی داگیرکاری خۆیان بزانن، ئەو ڕووداوانەو دەرکەوتنی بارزانیی نەمر وەک ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەی داگیرکارانی کوردستان بەرامبەری وەریان دەگرت پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی بارزانیی نەمر لە کارنامەی سیاسی و شۆڕشگێڕی و پێشمەرگانەی ئەو حزبەدا بەرجەستە کران، لێرەوە دوژمنان کەوتنە پیلانگێڕان بۆ نەهێشتن و لاواز کردنی ئەو هەزرە نەتەوەیی و نیشتیمانییەی کە لەسەر سیاسەتی داگیرخوازی خۆیان بە مەترسی گەورەیان دەزانی، لێرەوە دوژمنان بە مەبەستی لاوازکردنی هزرە نیشتیمانی و نەتەوەییەکە بە کۆمەڵێ دڕووشمی ئایدیایی و پێشکەوتنخوازی کەوتنە هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانن دزە بکەنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەوەدا تارادەیەک سەرکەوتوو بوون و لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئاسەوارەی ئەو دزە کردنە دەرکەوت و توانیان پارتی بکەن بە دوو کەرتەوە، ئینجا لەو کاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بۆ زاڵ بوون بەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، هەر ڕۆژە و بە ناوێک شەڕ بە هزر و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی دەفرۆشن، چونکە دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان باش لەو ڕاستییە گەیشتوون کاتێک دەتوانن ترسی کوردایەتی لەسەر خۆیان بڕەوێننەوە کە خەبات و تێکۆشانی کورد بەخەنە دەرەوەی ڕێبازی بارزانیی نەمر.

ئێستا پارتی وەک حزبی بارزانیی نەمرو سەرۆک بارزانیش وەک هەڵگری پەیامە ئازادی نیشتیمانی خەڵکی کوردستان لەلایەن داگیرکارانی کوردستان و دەستوپێوەندەکانیان وەک تاوانبار سەیر دەکرێن و وەک دوژمنیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، لە بەرامبەردا کوردپەروەر و سەربەخۆخوازانیش لە هەر چوار بەشە داگیرکراوەکەی کوردستان وەک فریادڕەس دەبینرێن، بەهێزی و مانەوەی ڕێبازی بارزانیی نەمرو پارتی و کاریزمایی ئێستای سەرۆک بارزانی لەو دوو دیدگا جیاوازە سەرچاوەیان گرتووە.

میژوویا عیراقێ یا پڕ زیندان و خوین

ئایندن دوسکی

دەمێ دبێژن ئازادی دارەکا گەشەو هەمی مللەتێن جیهانێ قەستاوێ دکەن، بەلێ ئاڤدانماوێ گەلەکا گرانە چونکە روندک و خوین و خەونێت گولگولی تێکهەل دبن و وێ دارێ گەش دکەن. بەلێ ل عێراقێ ئەڤ دارە زورا لاوازەو تانوکە گەش نەبوویە. ئەگەر بزڤرینە میژووەکا نێزیک، دێ بینین ئێکەمین قوربانی شێخ عبدولسەلام بارزانییە، دەما ل سالا 1909 شێخ عبدولسەلام بارزانیی ب بزاڤەکا شۆڕشگێری رابوو، بەلێ د دوومەهی دا ل سالا 1914 هاتە ل سێدارەدان. پشتی عراق بوویە مەملەکەت، دیاردبیت ئێکەمین قوربانێ وێ شاە فەیسەلێ ئێکەم بوو کو ب ژەهرێ هاتە کوشتن ل جنێف لسەر دەستێ ئافرەتەکا ئینگلیز یا نەنیاس، ددیفرا کوڕێ وی شاە غازیێ ئێکەم دیسان ئەوژی هاتە کوشتن ب شێوەکێ نهێنی؟!، یا دیاربوو کو شاە غازی بئاریشا تروبێلێ ژنافچو بەلێ (سندرس پاشا) دختورێ وی یێ تایبەت بوو د نڤێسنا خودا دبێژیت شاە غازی هاتبو کوشتن ب لێدانا ئامیرەکێ تیژ ل سەرێ وی. پاشی ئێکەمین کودەتا هاتی ئەنجامدان ئەوا ژ لایێ فەریق (بەکر صدقی) کو کورد بوو، جعفر پاشا عەسکەری دا کوشتن بدەستێ سێ ئەفسەرا (سالم تەوحەلە، جەمال جەمیل ، ئوهانێس) و ئەوێ دیماهیێ ئەفسەرە کێ ئەرمەن بوو پشتی کوشتنا بنەمالا شاە فیصلی ژ لایێ عەباس الحبوسی و هەڤالیت وی زنجیرا کوشتنا بەردەوام بوو. هەروەسا عبدولکەریم قاسم هاتە کوشتن و هەولدان ژبۆ کوشتنا سەروک مەسعودی و برایێ وی ئدریسێ نەمر ل بەغدا، ژبلی چەندین سیاسەتمەدارێن عراقێ ئەوێن نەدیار دنافێدا چوون، ویا دیارە بۆ هەمیان کوشتن بغەدر و بێ محکەمە جودایە ژ ل سێدارەدانێ کولدیف یاسایێ سزایێ خو وەرگریت، بەلێ دقوناغێن میژوویا بەعسیادا ل سالا (1963)و (1968) ب سەختترین قوناغ و یا دڕندە لسەر عێراقێ دەربازبوو. کەواتە زیندانێت نەهێنی هەبوونا (معتقلات)و ئەوژی قوناغە کە ڤەکولینی دگەل گرتیا دکەن یان دێ چیتە دادگەهێ و زیندان بیت و یان دێ دەرکەڤیت بو گوری. ژڤان گرتیخانا و لدیف میژوویا عێراقێ دێ دیار کەین:

پاستێل یا عیراقێ (نوگرە سلمان) یان چالا سەلمانی، زیندانەکە ل بیابانێ دناڤبەرا عیراقێ و سعودیێدا، دوەختێ خودا کەلهەکا عوسمانی بوو مروڤ ب وەریسا داهێلانە دناڤ سەرداڤێت واندا و دابترسین گورچێکربوون داگ رتی پترسیێت و کەس نە دشیا ژێ خلاس بیت، ژبلی تیمەکا شوعیا.

گرتیخانا (رقم واحد) ل سەربازگەها (رە شید) یێ لەشکری، ئەو ژیک هاتبو دامەزراندن بتنێ بو ئەفسەرێن نەرحەت و زیندانەکا (تأدیبی)بوو.

(قصر الرحاب) ول پشتی 1963 ئەو قصر ناڤێ وێ هاتە ڤەگوهاستن بو (قصر النهایە)و ل وێرێ و لدیف پەرتوکا (المنحرفون) نڤێسەرێ وێ "مەنسور لەیلانی" ئەو قەسر یا نوری سەعیدی بوو سەروک وەزیرانێ عیراقێ دوەختێ خودا.

دڕندەترین گرتیخانە (پەرستگەها بەهائی) بوو ل نیڤا بەغدا و دەوروبەرێت وێ کلینیکێت پزیشکی بوون بەلێ کەسێ چ هزر ژێ نەدکر و سەدام حسێنی ل وێرێ هەڤالیت خوێت قیادا بەعس بدەستێ خو دکوشتن.

زیندانا (الامن العامە) ل پارکا (السعدون) و چەندین گرتیخانێن ل بن عەردی هەبوون و هاتە ڤەگوهاستن بو تاخێ (بەلەدیات) ل بەغدا، هەروەسا زیندانا موخابراتا گشتی ل تاخا (مەنسور) ل بەغدا ل وێرێ کەس بساخی دەرنەدکەفت.

یاریگەها (الاداره المحلیە) ل مەنسور دگە ل سەرداڤێن سەربازگەها لەشکەری و (الحارسیە) هەروەسا زیندانەکا بەرنیاس ئەوژی دائیرا (الاستخبارات العسکریە) ل (کازمیە) دگە ل زیندانەکا مەزن، سەدامی چێکربوو پشتی سەرهلدانێ ل گەرەکا (رەزوانیە)- کوفە، ل هەمی ڤان گرتیخانا حەوزێن تیژاڤێ هەبوون، دا مروڤان تێدا بحەلینن، ژبلی زیندانێن دائیرێن ئەمنی ل هەمی پارێزگەهێن عێراقێ، بەلێ یاسەیر ئەوبووزیندانەکا مەزن و مودرن ل خانەقینێ نێزیکی (نەفتخانە) گوندەکە بناڤێ (کانی بز) یا کوردی بوو، ئەو زیندان ل وێرێ بووگرتیێن وێ ئەو گونەهبارن ئەوێن ژپتر ژ سێ مروڤان کوشتبون دهاتنە خودان کرن و ل ڤێ دیماهیێ زیندانا (ئەبو غریب) پشکەک هەبوو دگوتنێ (الاحکام الخاصە)بو سیاسیا (مەتەلەکا هەی، دبێژن زورناببێژ دمریت و وتبلێت وی دلڤلڤن)، عەرەبا جوهی ژ عێراقێ دەرئخستن و هەولدان دا کوردا ژی خلاس کەن، ڤێگاڤێ دوورا فەلایە، بەرێ عێراقیان بسەدەهان مروڤ دکوشتن ول ڤی دەمی ب هزاران تێنەکوشتن ل ژێر ناڤێ خودێ و ئیسلامێ ژلایێ هەردوو تائفێن بالادەست ل عێراقێ. نوکە پرسیار ئەوە، ئەرێ نوکە چەند زیندانێن نهێنی ئەڤرو ل عێراقێ هەنە ؟!. و چەندین مروڤێن بێ گونەھ دهێتە کوشتن؟!. پرسیارەکە ئەز دکەم و نزانم کی دێ جوابا من دەت، چونکی هەستا من ب ئازارێن گرتیا بووە ئەگەرا هندێ کو ئەز ڤێ پرسیارێ بکەم، ژبەرکو من ئازارا زندانێ یا کێشای و (3) سال ژ عەمرێ من بۆزین دناڤ زیندانا (الشعبە الخامسە) یا ئیستیخباراتا عەسکری.